# چەرچڵ پیاوی تەنگانە

**"ئێمە دەبێ تا کۆتایی بجەنگین، دەبێ لەفەرەنسا بجەنگین پێویستە لە دەریا و وشکایی بجەنگین و بەهێمنی و لەسەر خۆ لەئاسمانەوە بجەنگین و پارێزگاری لە دوورگەکەمان بکەین، بەهەر نرخێك کە لەسەرمان دەکەوێت "**

**چەرچڵ**

ئا : ئیدریس ئیبراهیم - سوید

## خوێندکارێکی تەمبەڵ

بەشی یەکەم



لە سێی نۆڤێمبەری سالّی (١٨٧٤) چەرچڵ لە بنەماڵەیەکی لۆردەکانی بەریتانیا لەشاری(بلێن هێم) لە دایکبووە، دایکی ناوی(جێنی جەرمۆ)یە خەڵکی ئەمریکایە. باوکی ناوی(لۆرد رادلۆف چەرچڵ)ە. چەرچڵ خۆی ناوی(وینستۆن لۆناردۆ سپێنسەر چەرچڵ)ە. خاتوو (ئێڤەرست) دایەنی بووەو بەخێوی کردوە، هەر ئەویش فێری پیتەکانی ئینگلیزی کردوە. لە منداڵیەوە هەستی کردوە کە یاری منداڵانەی بەریتانی و سوار بوونی گوێدرێژ تەنها کات بەفیڕۆدانە. لەتەمەنی حەوتساڵیدا چۆتە قوتابخانەی (ست.جەنسی) کە باشترین و جوانترین قوتابخانەی سەردەمی خۆی بووە لە لەندەن. چەرچڵ حەزی بەکتێبەکانی خوێندن و بەرنامەکانی قوتابخانە نەبووە، هەر زوو بێزار بووە لە قوتابخانە، بەناچاری دایکی گواستیەوە بۆ خوێندنگایەکیتر لەنزیك (برایتۆن)و دوو مامۆستای ژن وانەیان پێوتووە، ئازاد بووە لە هەڵبژاردنی وانەکانی و دەستی بەخوێندنی زمانی فەرەنسی و مێژوو کردووە، هەولێشیداوە هۆنراوە لەبەربکات خولیای سواری ئەسپ و وەرزش بووە، باوکی لە ساڵی( ١٨٨٥ ) لە هیندستان بووە بە وەزیر، ساڵێك دواتر بووە بە وەزیری ئابووری، کە دووەم پایەی وەزارەتە لە بەریتانیا. باوکی لەتەمەنی دوانزە ساڵیدا چەرچەڵی ناردۆتە گرانترین و باشترین قوتابخانەی مێژوو لە(هاروو)، کە تایبەت بووە بە بنەماڵە دەوڵەمەندەکان، کەبەزمانی لاتینی بووە ئەبوایە خوێندکارەکان تاقیبکرێنەوە، چەرچەڵ لەتاقیکردنەوەی وەرگرتن لەقوتابخانەکە بەیەکەمی تەمبەڵەکان دەرچووەو هیچی دەربارەی زمانەکە نەزانیوە، بۆیە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە باوەڕی نەبوو کە بتوانێ لە زانکۆ درێژە بەخوێندن بدات، بەڵام لەبەر دڵی باوکی وەریگرتوە. چوار ساڵ و نیو خوێندنی لەگەڵ برادەرە تەمبەڵەکانی تەواوکرد، ئەوەش وای لەباوکی کرد کە زۆر بەهێواشی لەگەڵیدا بڕواو لەوە دەترسا کە لە تاقیکردنەوەی بەکەلۆری دەرنەچێ و لەزانکۆی (ئۆکسفۆرد) یان (کامبریچ) وەرنەگیرێ، بۆیە باوکی بەگوێیدا درکاند ئایا دەیەوێ بچێ بۆ قەتابخانەی سەربازی؟ چونکە لەدوو وانەی سەربازی لە (هاروو) زیرەك بوو، بەڵام مەرجی وەرگرتن لەقوتابخانەی سەربازی (ساند هاست) ئەوە بوو، ئەبوایەخوێندکار لەسەر نەخشە زانیارییێکی باشیان هەبێت و لەکاتی وەرگرتن، نەخشەی ولأتێك بێ کەموکوڕی بکێشن، شەوێك پێش تاقیکردنەوە، چەرچەڵ ناوی تەواوی نەخشەکانی لەسەر چەند پەرەییێك نووسیو خستیە ناو کڵاوێك، تەنیا یەکی هەڵبژارد و بەتەواوی لەبەریکردو بەختی هێنا، هەمان نەخشەی بۆ هاتەوە، بەیانی کە ئەویش نەخشەی (نیوزلەند)بوو. گرفتێکی تری ئەوەبووە کە لەزمانی ئینگلیزیو ماتماتیك زۆر کۆڵەوار بوو، توانی لەزمان دەرچێت، بەڵام لەماتماتیك دوو جار کەوت، باوکی بەناچاری مامۆستای بۆ گرت و جاری سێیەم دەرچوو.

رۆژێك لەگەڵ براکەی (جاك)و ئامۆزایەکی یاریان دەکرد، چەرچەڵ ببووە هەڵاتوو، ئەوانیش خۆیانکردبوو بە پۆلیس، ویستیان بیگرن، لە ناکاو خۆی لەسەر بەرزاییەك دۆزیەوە کە ژێرەوەی قولأیی بوو، ویستی بەسەر بەردێك باز بدات، نەیتوانی و کەوتە ناو قولأییەکەو لەهۆش خۆی چوو،

دوای چەند ڕۆژێك كە بەهۆش خۆی هاتەوە گورچیلەیەكی لەدەست دابوو، بۆماوەی ساڵێك لەماڵەوە كەوت، لەو ماوەیەدا زۆر لەئەندام پەرلەمان و سیاسەتمەداران سەردانی باوكیان دەكرد، ئەویش لە ناچاری گوێی لێدەگرتن و هەستی ئارەزووی سیاسەتی لەلا دروست بوو، بڕیاریدا بچێت بۆ پەرلەمان گوێ لە وتوێژە درێژەكانی پەرلەمانتاران بگرێت.

## چەرچڵ و كۆلێژی سەربازی:

دوای چاكبوونەوەی، باوكی ڕەوانەی كۆلێژی سەربازی پاشایەتی كرد، حەزی لەسواری ئەسپ بوو، بەڵام سوارچاك نەبوو، زۆر هەوڵیاندا كەببێتە سوار چاك و فێری تاكتیكی سەربازی و سەنگەرگرتن و نەخشەكێشان و یاساكانی سەربازی بێت. خۆشی هەوڵیدا كە دەست ڕەنگین بێت لە تفەنگ و تەقاندنەوەی پردو سەنگەر لێدان، حەزیشی لەدسپلینی سوار سوارانێ و یاری تۆپێنەی سواری ئەسپ بوو. كۆلێژی سەربازی خولیای كۆكردنەوەی كتێبی سەربازیو مێژوویيان لا دروست كردو زۆر بەهەستەوە گوێی لەوانەكانی ستراتیژی و سەربازی و پەیوەندیەكانی هاتووچۆ دەگرت ئەو خولیایە وایكرد كە خەڵاتی زیرەكی وەرگرێ و لە نێوان سەدو هەشتا خوێندكار بە هەشتەمی خولەكە دەرچێت ، بەڵام لەساڵی (١٨٩٥) دوو ڕوداوی جەرگبڕ بەرۆكیان گرت، لەمانگی یەكدا باوكی كۆچی دوابیكرد، لەكۆتایی هەمان ساڵیشدا دایەنەكەی خانمی (ئێڤرست) كۆچی دوایكرد، بەمەش هەندێك لە هیواكانی دواكەوتن، دایكی بووە سەرپەرشتیاری تا لەساڵی (١٩٢١) ئەویش كۆچی دواییكرد. لەهەمان ساڵیشدا شۆڕشی كوبا دژی ئیسپانیا دەستی پێكردو لەلایەن ئیسپانیا چەرچڵ و هاورێكەی (ڕێجیناڵد بانز) داوایان لێكرا كە بەكردەوە لەو جەنگە بەشدار بن، لە مانگی نۆڤەمبەر (١٨٩٥) لەرێگای دەریاوە بەكەشتی چوون بۆ كوبا، لە وێشەوە بۆ هاڤانا، ئیسپانیەكان بەگەرمی پێشوازیان لێكردن و لەشاری سانتا كلانا بە مارشاڵ (مارتنیزكامپوز) گەیشتن كە لێپرسراوی سوپای ئیسپانیا بوو، ئەویش بۆ بەتالیۆنێكیتر ڕەوانەی كردن كە (خوان ئۆدۆنێل) سەرپەرشتی دەكرد.تاكە چەكێك كە چەرچڵو هاورێكەی پێیان بوو، دەمانچە و ئەسپ و تانجەكانی سەرشانیان بوو، ئسپانیەكان هیچ كارێكیان پێنەسپارد، تەنها ئەوە نەبێ كە فێری شەڕی پارتیزانیان بكات، ئەوەشیان بەگوێی چەرچڵدا چرپاند، كە پارتیزانەكان لە هەموو شوێنێكن و لە هیچ شوێنێكیش نین، لەو شەڕە بێئامانەدا چەرچڵ دوو جار لە مردن گەڕایەوە، لەهەمانكاتیشدا چەند ڕاپۆرتێكی بۆ ڕۆژنامەی (دەیلی گراف) نارد كە بەرامبەر هەر یەكێكیان بیست و پێنج دۆلاری وەرگرت.

## چەرچڵو ڕۆژنامەوانی:

دوای ماوەیەك گەڕایەو بەریتانیاو چەند وتارێكی لەسەر شەڕی نێوان كوباو ئیسپانیا نووسی، دەنگدانەوەی باشی هەبوو، زۆر ڕاشكاوانە باسی لە چۆنیەتی بارو دۆخەكەكرد، ئەوەشی دركاند كە مەحاڵە ئیسپانیا بتوانێ بەسەر شۆڕشگێڕەكانی كوبادا سەركەوێت.

دوای گەڕانەوە لە كوبا ساڵێك مۆڵەتی پێدرا لەو ماوەیەدا خۆی ئامادەكرد بەرەو هیندستان بەرێ بكەوێت و پەیوەندیەكی باشی لەگەڵ بنەماڵە نەجیبزادە ئەرستۆكراتیەكان دروستكردو و بۆ مێزی نانخواردن بانگهێشت دەكرا، لەو هاتوو چۆیانەدا پیرە ئەفسەرێكی ناسی كە شارەزای كێشەكانی هیندستان بوو، سودێكی زۆری لێبینی. لە سێپتێمبەری (١٨٩٦) لەگەڵ (١٢٠٠) سەرباز بەرەو هیندستان بەرێكەوتن، بۆ بەدبەختی ئەو لەكاتی لە نگەرگرتنی كەشتیەكان، كەشتی چەرچڵ بەر بەردێك كەوت، كە تەلبەند كرابوو، كەشتیەكە بۆدواوە كشایەوە چەرچڵ بەتەلەكانەوە هەڵواسراو قۆڵێكی لەجێچوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی كە تامردن نەیتوانی بە ئارەزوی خۆی یاری (تێنس) بكات و بۆ ماوەیەكیش لە مەلەكردن و یاری سواری ئەسپ قەدەغەكرا. دوای ماوەیەك لە گەڵ هاوڕێ دڵسۆزەكەی كە لە كوبا لە گەڵیا بوو، بەو پارەیەی كە بەدیاری وەریان گرتبوو، خانویەكی بچوك و جوانیان بەكرێ گرت، وەك پیشەی سەربازی، مەشقی سەربازیان ئێوارە و بەیانیان دەكرد، ئێوارانیش دوای مەشق یاری سواری ئەسپ و تۆپێنیان دەكرد ، كاتەكانی تریشیان به خوێندنەوەی كتێبی فەلسەفە و مێژوو ئابووری نەتەوەیی و ئەدەب خەریكدەكرد، چەرچڵ زۆر مەراقی مێژووی ڕۆما بوو بەتایبەتی كتێبەكانی (گیبسۆن) كەچەند جارێكی خۆێندنەوە، لە دوییدا لە بیرەوەریەكانی خۆیدا نووسیویەتی: ئەم كتێبەم بە تەواوی كێلاوە، لەهەر دێرێك چێژ و تامی تایبەتیم وەرگرتووە.

سەرەڕای ئەم كتێبانە، شارەزاییەكی تەواویشی دەربارەی شاكارەكانی داروین و ئەفلاتونیش هەبووە، لە بەهاری ساڵی (١٨٩٧) سێ مانگ مۆڵەتی وەرگرت و بۆ بەریتانیا گەڕایەوە، بەڵام پاش ماوەیەكی كورت هەواڵی هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان هێزەكانی بەریتانیا و هۆزەكانی هیند بلاو بۆوە، چەرچڵ بروسكەیەكی بۆ ژەنەراڵ (پینرۆن بلود) لێپرسراوی سەربازی لە هیندستان نارد، كە خوازیاری ئەوەیە بگەڕێتەوە بەرەكانی جەنگ. بەپەلە گەڕایەوە هیندستان، بەڵام ژەنراڵەكە لە بارەگای سەربازی نەبوو، نامەیەكی بۆ بەجێهێشتبوو، لە نامەكەدا هاتبوو كە شوێنی بەتاڵمان نیە بۆت، تەنها ئەوە نەبێت كە وەك هەواڵدەری جەنگ بۆ ڕۆژنامەی (دەیلی تیلگرام) كار بكەیت و ڕووداوەكانی جەنگی بلاوبكەیتەوە، ئەوەشی پێراگەیاندبوو، كە ئەم شەڕە لەسەر ناوچەیەكی ستراتیژیە، كە سێ ساڵە لەژێر دەسەڵاتی ئێمەیە كە دەكەوێتە نێوان نوشهارە و چیتراڵ، بەڵام هۆزەكان ئەوەیان پێ قبوڵ نیە و ئێستا هێرشیان كردۆتە سەرمان و ئەیانەوێت بەشەق دەرمانبكەن. ئێمەش ناوچەكە بەگرینگ دەزانین شەڕی لەسەر دەكەین، چەرچەڵ لەبەرئەوەی وەك ڕۆژنامەنووسێك دەستبەكاربوو، نەوەك سەرباز، ئەبوایە هەموو پێداویستەكانی بۆخۆی مسۆگەربكات. دوو ئەسپی كڕی و چەكی پەیداكرد و سەربازێكی هیندیشی هێنایە لای خۆی، چەرچەڵ



له بەرەکانی شەڕەوە هەواڵەکانی بۆ رۆژنامەکان دەنارد و رەنگدانەوەی باشیان هەبوو، چەرچەڵ وەك رۆژنامەنووسێك لە ڕوداوێکی چاوەڕواننەکراو بەدەمانچەکەی دەستی، پیاوێکی لە هۆزەکانی هیند کوشت، کە دەیویست ئەفسەرێکی برینداری بەریتانی بکوژێت، ئەو هەرگیز بیری لەکاری رۆژنامەنووسی نەدەکردەوە، بەلاّم شەڕی شۆڕشگێرەکانی کوبا و شەڕی هۆزەکانی ئەویانکرد بەرۆژنامەنووس، لەکاری رۆژنامەنووسیدا کارەکانی بەسەلیقە و زمانێکی ساکار بوون، لەساڵی (١٨٩٨) کە گەڕایەوە لەندەن تەواوی راپۆرتە جەنگیەکانی کۆکردەوە و بە پێشەکیەکی پوختە لە کتێبێکدا بەچاپی گەیاندن، ئەمە بۆی بووە سەرمایەیەکی گەورە، بڕیاریدا هەرچی زووە واز لەکاری سەربازی بێنێ و خەریکی کاری رۆژنامەگەری بێت و وەك رۆژنامەنووسێك بەشداری بەرەکانی جەنگ بکات، ببێتە رۆژنامەنووسی جەنگ، لەبواری رۆژنامەنووسی لەلایەن ئەفسەرێکی جەنگ رووبەڕووی رەخنەی توند بووەوە، هەرچی ئەوانبوون دەیانویست راپۆرتەکان بەدڵی ئەوان بێت، چەرچەڵش لێکدانەوەی خۆی بۆ ستراتیژ و شێوازی شەڕ و هەڵمەتەکان و خۆ ئامادەکردنی هێزەکان هەبوو، ئەفسەرەکان نەیدەتوانی ئامۆژگاریەکانی لەگوێ بگرن و دژی دەوەستان. دوای کۆتایی شەڕی سنور لە ، بەریتانیا بڕیاریدا سوپاکەی بنێرێ بۆ(میسر)، بۆ ئەوەی تۆڵەی ژەنەراڵ (گی.گوردون) بکاتەوە کە بەدەستی تاقمێکی توندڕەوی ئیسلامی کە ناویان (برایانی دەروێش) بوو کوژرابوو. ئەم هێزە ژەنەراڵ (هێربەرت کیچنەر) سەرپەرشتیدەکرد. چەرچەڵ ئامادەیی خۆی راگەیاند بۆ ئەوشەڕە، بەلاّم کیچنەر، ئەفسەرێکی وەك ئەوی نەدەویست کە رەخنەگرو کتێب نووس و ئامۆژگاریکەر بێت، بۆیە داواکەی رەتکردەوە، گەرچی چەرچەڵ لە ڕێگای دایکی و خزمەکانیەوە زۆر هەوڵیدا، بەلاّم بێ سوود بوو. رۆژێك سکرتێری سەرۆك وەزیران نامەیەکی بۆ چەرچەڵ نارد، کە داوا دەکات سەردانی (سالسباری) سەرۆکی وەزیران بکات، کە دەیەوێت بیبینێ لە بارەگاکەی خۆی. چەرچەڵ چوو، کاتێ (سالسباری) چەرچەڵی بینی پێیوت: لە راستیدا ویستم تۆ ببینم، چونکە کتێبەکانی تۆ بابەتی بەپێزن بۆم، ئێستاش بەتەواوی لە رێگای راپۆرتەکانت لە رووداوەکانی هیندستان دەگەم و ناوەرۆکی کتێبەکانتم بە دڵە و بەشێوەیەکی ساکار و جوان نووسراون. دوای تەواوبوونی کاتی خۆی کەبیست خولەك بوو. ویستی ماڵئاوایی بکات، سەرۆکی وەزیران رێگای نەدا و نیو کاتژمێری تریش قسەی لەگەڵ کرد، لە دواییشدا پێی ووت: هەر داواکاریەکت هەبێ هەوڵدەدەم بۆت جێبەجێ بکەم. دوای چەند رۆژێك چەرچەڵ نامەیەکی بۆ نووسی، کە داوا لە ژەنەراڵ کیچنەر بکات، رازی بێت کە لەگەڵیان بچێت بۆ میسر. وەلاّمی کیچنەر بۆ سەرۆکی وەزیران ئەوەبوو کە پیاوێکی توڕەیە و نووسەری وەك چەرچەڵم ناوێت. دوایی لە رێگای وەزارەتی جەنگەوە نامەیەکی بۆ هات، ئەگەر ئارەزوو دەکەیت لەسەر گیرفانی خۆت ئەتوانی بچیت بۆ میسر. چەرچەڵ خۆی گەیاندە سەرنووسەری رۆژنامەی (مۆرنینگ پۆست) کە وەك هەواڵنێری جەنگ دایمەزرێنێت، بۆ ئەوەی بەلایەنی کەم پێداویستیەکانی خۆی بەم مووچەیە دابینبکات، بەم شێوەیە خۆی گەیاندە جەنگ. دوای ئەوەی راپەڕینی دەروێشەکان بەهێزێکی شەست هەزار کەس بەچەکی کۆن و شمشێر و تیر و کەوان بەرانبەر چەکە نوێکانی سوپای بەریتانیا بوونەوە، توانای بەرگریان نەما و لەبەر یەك هەڵوەشانەوە و سەربازەکانی بەریتانیا بەسەرکەوتوویی گەڕانەوە لەندەن و چەرچەڵ خۆی گەیاندە رۆژنامەکە و سێ سەد پاوەندی وەرگرت. خامە رەنگینی و راستیەکانی چەرچەڵ دەنگیان دایەوە و بەتەواوی لە هەموو ناوەندەکان ناسرا، بۆیە بڕیاریدا واز لە رۆژنامەوانی جەنگ بێنێ و کاری رۆژنامەنووسی بکات. هاوکات رۆژێك بانگهێشتی مەڵبەندێکی پارتی پارێزگاران کرا و داوایان لێکرد کە بەشداری کۆبوونەوەکانیان بکات. بۆ جاری یەکەم ووتارێکی لە شاری (باث) خوێندەوە، خەڵکەکە بەتەواوی کەوتنە ژێر کاریگەری و رۆژی دوایی تەواوی ووتارەکەیان لە رۆژنامەی (مۆرنینگ پۆست) بڵاوکردەوە. ئەمەش بووە دەنگیك، بۆیە سەرۆکی پارتی پارێزگاران ووتی: ئەمە دەنگی مرۆڤێکی نوێیە لە شانۆی سیاسیدا. دوای ماوەیەك سەردانی ی کردەوە، ئەو ماوەیەی لەوێ بوو، خەریکی یاری ئەسپ و وەرزش بوو، بەلاّم بۆنیگبەتی جاریکیتر قۆڵی لە جێ چوو و ئازارێکی زۆری پێگەیشت، بۆیە ماڵئاوایی لە و هاوڕێکانی کرد و گەڕایەوە، لە رێگادا لە ناو کەشتی، کتێبی (شەڕی روبار)ی نووسی کە باس لە شەڕی روباری نیل دەکات لەگەڵ دەروێشەکان. ئەم کتێبە شوێنی خۆیگرت و سەرکەوتنی مەزنی لەناوخوێنەران و رەخنەگران بەدەستهینا. چەرچەڵ بڕیاریدا لە لەندەن دەست بەسیاسەت بکات، بۆیە لەچەند شوێنێك وتاری سیاسی خوێندەوە، ویستی ببێت بەئەندامی یەکێك لەئەنجومەنی شارەوانیەکان، شاری (ۆلدهامن)ی هەڵبژارد بۆئەم مەبەستە، تا بەختی خۆی تاقیبکاتەوە،بەلاّم سەرکەوتوو نەبوو.